

## لەیلا مەجیدی:

# نابێ ئەکتەر بترسێت و سانسۆری لەسەر بێت

**لەیلا مەجیدی، خانمە ئەکتەری شانۆ و سینەما کە دەرچووی بەشی شێوەکاریی کۆلێژی هونەرە جوانەکانە لە وڵاتی ئێران، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە کارەکانی دەکات و دەڵێت: من لە کوردستان بەشداریی هیچ درامایەك ناکەم و خەونیشم ئەوەیە بەشداریی فیلمەکانی هۆڵیوود و فێستیڤاڵە جیهانییەکان بکەم.**

**گوڵان – محەمەد جەمال**

*** تا ئێستا بەشداریی چەند دراما و کاری سینەماییتان کردووە؟**

-بەرلەوەی باس لە دراما و سینەما بکەم، پێویستە باس لە چالاکییە شانۆییەکانم بکەم، چونکە زۆرترین کاری من شانۆگەری بووە، هەروەها بەشداریی ٣ فیلمی سینەمایی و ٧ کورتە فیلمم کردووە، بەڵام تاکو ئێستا لە کوردستان بەشداریی هیچ درامایەکم نەکردووە و نیازیشم نییە بەشداری بکەم.

*** بۆچی ناتەوێ بەشداری دراما بکەیت لە کوردستاندا؟**

- لەبەرئەوەی تا ئێستا دراما لە کوردستاندا هێشتا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و منیش ئامادە نیم بەشداریی درامای لاواز، یان سەقەت بکەم کە کاریگەری لەسەر کەسایەتیم هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بەشداریی لە درامایەکی لاواز بکەم، من وەکو لەیلا مەجیدی بۆ هەتا هەتایە لە چاوی بینەر بە کارەکتەرێکی لاواز دەبینرێم، بۆیە بەشداریی درامام لە کوردستان نەکردووە و بەم شێوەیەی ئێستاش بە هیچ شێوەیەك بەشداری ناکەم.

*** جگە لە کوردستان، ئەگەر لە هەر وڵاتێکی دیکە دەرفەتت بۆ بڕەخسێ بەشداری دراماکانیان دەکەیت؟**

-بێگومان، ئەگەر بۆم بگونجێت، لە داهاتوودا بەشداری لە دراما بیانییەکان



دەکەم، بەتایبەت درامای فارسی و تورکی و عەرەبییەکان.

*** خەونی تۆ بۆ بوون بە ئەکتەرێکی دیاری جیهانی چییە؟**

-هەموو کەسێك ئەگەر بەڕاستی ئەکتەر بێت و لە ناخییەوە حەز بە کاری نواندن بکات، بێگومان خەونی ئەوەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە هۆڵیوود و فێستیڤاڵی ئۆسکار خۆی ببینێتەوە و بەسەر فەرشی سووردا بڕوات. من ئەوە خەونی ڕاستەقینەمە کە بۆ فێستیڤاڵە جیهانییەکان لەسەر فەرشی سوور بڕۆم و بەشداری فێستیڤاڵی ئۆسکار بکەم یاخود وەکو ئەکتەرێکی جیهانی لە فیلمەکانی هۆڵیوود بەشداری بکەم و بناسرێم، دڵنیاشم لەوەی کە ئەو خەونەم دەبێت بەڕاستی.

*** بەڕای تۆ ئەکتەری سەرکەوتوو کێیە؟**

- بەڕای من ئەکتەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دەبێت تایبەتمەندی بوون بە ئەکتەریی تێدا هەبێت، هەروەها دەبێت بوێر بێت و توانای خۆی لەکاتی نواندندا پیشان بدات و هەموو جۆرە بەربەستێك بشکێنێت، چونکە هەر کەسێك خۆی بە ئەکتەر بزانێت و کاری نواندن بکات، نابێت لە هیچ شتێك بترسێت و سانسۆری لەسەر بێت.

*** لە نواندندا بە کەسێکی ڕچکەشکێن ناسراویت، مەبەست و ئامانجت لەم ڕچکەشکێنییە چییە؟**

- نەك تەنیا لە نواندندا، بەڵکو من لە هەموو ژیانمدا کەسێکی تەواو ڕچکەشکێنم، چونکە لەیلا سوژدە بۆ هیچ کەسێك نابات و تەواو ئازادە، ئەوەی لە ژیاندا پێمخۆش بێت دەیکەم و دەستی بۆ دەبەم، هەروەها هەر بەربەست و ڕێگرییەکیش بێتە پێشم زۆر بە ئاسانی لای دەبەم و ناوەستم.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

- پرۆژەی داهاتووم جگە لە کاری شانۆ و سینەما، ڕەنگە هونەری ئێرۆتیك بێت، ئەویش بە ئامانجی ئەوەی پیشانی خەڵکی بدەم کە لەیلا مەجیدی نەك تەنیا بە قسە، بەڵکو بە کردار دەیسەلمێنێت کە کەسێکی بوێر و ڕچکەشکێنە.

*** هونەری ئێرۆتیك لەگەڵ هونەرەکانی دی چ جیاوازییەکی هەیە؟**

- ئێرۆتیك هونەرێکی زۆر جوانە، ڕەنگە زۆربەی خەڵك بە هەڵە لێی تێبگات و بە کارێکی خراپ لێکی بدەنەوە بۆ ئەو کەسانەی کاری لەسەر دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، بەڵکو ئێرۆتیك بەشێکی هونەری فۆتۆگرافییە، بۆ نموونە کاتێك شاعیرێك دێت جوانییەکانی ژنێك بە چاو و جەستە و باڵایدا باس دەکات، لە ئێرۆتیکیشدا باس لە جوانییەکان و جەستەی ژنێك دەکرێت، ئەویش لەڕێگەی فۆتۆگرافییەوە، واتە جوانییەکانی ژنان و جەستەیەکی سەرنجڕاکێش و مانادار پیشان دەدرێت، بەڵام بەرلەوە دەبێت سیناریۆکی جوانی بۆ دابڕێژرێت.

*** لە پرۆژەکەتدا خۆت ڕۆڵی ئەکتەرەکە دەبینیت؟**

- بەڵێ، بێگومان خۆم کارەکتەری سەرەکی دەبم و یەکەم کەس دەبم لە کوردستان کە دەست بۆ ئەم هونەرە دەبەم لە کوردستان، چونکە لە چوارچێوەی ئێرۆتیکدا پێموانییە کەس لە کوردستان تا ئێستا ئەو بوێرییەی تێدا هەبێت. هەروەها پێمخۆشە لەڕێگەی ئەم هونەرەوە ناوم بچێتە نێو کتێبی گینسەوە، بۆ ئەوەی دوای مردنیشم بۆ هەتا هەتا ناوم بە زیندوویی بمێنێتەوە.

*** هونەری ئێرۆتیك پێشتر لە کوردستان و وڵاتانی دی کراوە؟**

- هونەری ئێرۆتیك پێشتر لەناو نەتەوەکانی تر ئەنجام دراوە، بەڵام لە کوردستان تاکو ئێستا نەکراوە و کەس ئەو بوێرییەی نەبووە، من یەکەم کچی کورد دەبم ئەنجامی بدەم. هەر وڵاتێکیش بەشێوەی کولتووری خۆی ئەنجام داوە، بەڵام من جیاواز دەبم و دەتوانم مۆدێرنیست و کولتووری کوردی تێکەڵ بە یەکتر بکەم و لە ئەنجامدا فۆتۆیەکی جوانی لێدەردەهێنم، بۆ هەر فۆتۆیەکیش سیناریۆیەکی جیاواز دادەڕێژم، بۆ نموونە یەکێك لە سیناریۆکان بەم شێوەیە دەبێت کە خەریکی شیردانی منداڵ دەبم، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی جوانی لێدەربهێنم و ئەو بەشە جوانانەی ژنان پیشان دەدەم تابلۆیەکی جوانی لێ دروست دەکەم.

# کایلی جینر لەساڵی ٢٠٢٠گرانترین کرێی دەستکەوتووە



ساڵانە گۆڤاری (فۆربس)ی ئەمریکی لیست دەوڵەمەندترین و پڕ داهاتترین کەسایەتییەکانی جیهان بڵاو دەکاتەوە، لە نێو دەوڵەمەند و یاریزان و ئەکتەر و کەسایەتییە دیارەکانی سەر ئاستی جیهان، بۆ ئەم ساڵ کچە مۆدێلی ئەمریکی کایلی جینر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، وەک خاوەن زۆرترین کرێ لە بەرامبەر ئەو کارانەی ئەنجامیداوەن.

لە ساڵی ٢٠٢٠ کایلی بڕی (٥٩٠) ملیۆن دۆلار داهاتی بووە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە بەرامبەر بە کاینییە ویست کە پلەی دووەمی بەدەستهێناوە و داهاتەکەی تەنیا (١٧٠) ملیۆن دۆلار بووە.

گۆڤاری فۆربس پشت بە داهاتی کەسایەتییەکان دەبەستێت لە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ تا دوایین ڕۆژی هەمان ساڵ دوای لێبڕینی باج و ڕسومات بریکارە و بەڕێوەبەرانی کار و پارێزەر و جێبەجێکاران، بۆ ئەم مەبەستەش زانیاری لە چەندین سەرچاوەی جیاجیا باوەڕپێکراو و خەمڵاندنەکانی خودی گۆڤارەکە دەبەستێت، ریزبەندی ئەمساڵ بەم شێوەیە بوو:

١-کایلی جینر (٥٩٠) ملیۆن دۆلار. ٢- کاینییە ویست (١٧٠) ملیۆن دۆلار. ٣- ڕۆجیە فێدریر (١٠٦،٣) ملیۆن دۆلار. ٤- کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (١٠٥) ملیۆن دۆلار. ٥- لیۆنێل میسی (١٠٤) ملیۆن دۆلار. ٦- تایلەر بیری (٩٧) ملیۆن دۆلار. ٧- نیمار (٩٥) ملیۆن دۆلار. ٨- هوارد ستیرن (٩٠) ملیۆن دۆلار. ٩- لیبرۆن جیمس (٨٨) ملیۆن دۆلار ١٠- دواین جۆنسۆن (٨٧) ملیۆن دۆلار.

## بڕۆک شێلدز: پێویستم ب

بەر لە ماوەیەک ئەستێرەی سینەمایی برۆک شێلدز بە مەبەستی نەهێشتن و دوورخستنەوەی نیشانەکانی پیری دەرزیی بۆتۆکسی بە کارهێنابووە، هەرچەندە ڕایگەیاندووە کە دوودڵ بووە لەم کارە. بۆیە ڕایگەیاند: کە ئێستا پێویستی بە نەشتەرگەری جوانکاری نییە و تا ڕاددەیەکی زۆریش لە ئەنجامدانی دەترسێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئارەزوو دەکات تەکنۆلۆژیای لێزەری بەکاربهێنێت، بەڵام برۆک زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئەم کارەش ئەنجام بدات ئەوا لەسەر دەستی پسپۆڕێکی تایبەت دەبێت.

شێلدز زیاتر لەم بارەوە دەڵێت: «پێموایە مرۆڤ بە سروشتی زۆر جوانترە، چونکە نەشتەرگەریی جوانکاریی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش نیشانەکانی پیری دوابخات، ئەوا ناتوانێت تا کۆتایی بەردەوام بێت، هەروەها دوور نییە نەشتەرگەری لە



# کۆرۆنا تۆم کرووزی تووڕە کرد

لە کاتی وێنەگرتنی بەشی حەوتەمی زنجیرە فیلمی (ئیمپوسیبڵ میشن)، تۆم کرووزی پاڵەوانی فیلمەکە زۆر لە تیمی هاوکاری تووڕە بوو، تەنانەت هەڕەشەی دەرکردنی لە گشت ئەندامانی تیمەکەی کرد.

هۆکاری تووڕەبوونی تۆم کروز بۆ پابەندنەبوونیان بە رێکارەکانی تەندروستی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگەڕێتەوە بۆ دوورنەکەوتنیان لە یەکتری، تووڕەبوونی تۆم کروز بەتایبەتی لە دوو کەس لە تیمەکە بوو. بەپێی تۆمارێکی دەنگی، بە دەنگی بەرزەوە هاواری بەسەریاندا کردووە، دوای ئەوەی دووریی نێوانیان کەمتر بوو لە سێ مەتر، لە کاتێکدا بەو مەرجە رێگا بە تیمەکەی دراوە بەردەوام بن لە وێنەگرتن کە بە تەواوی پابەندی رێنمایی و رێکارە تەندروستییەکان بن.

پێشبینی دەکرێت ئەم هەڵویستەی کروز ببێتە مایەی ستایشی دەزگا تەندرووستییەکان، چونکە زۆر بە جددی مامەڵە لەگەڵ بابەتی پابەندبوونی بە رێنماییە تەندروستییەکان دەکات، بەتایبەتی دوورکەوتنەوە لە یەکتری.

لە تۆمارە دەنگییەکەدا کروز بە دوو ئەندامی تیمەکەی دەڵێ: «ئێمە پێوەری زێڕینین، ئێستا لە هۆڵیوود لەبەر ئێمە دووبارە دەستیان بە بەرهەمهێنانی فیلم کردۆتەوە، چونکە بڕوایان بە ئێمە و کارەکانمان هەیە، بۆیە پێویستە پابەندی پرۆتۆکۆلەکانی بەرهەمهێنانی فیلم بین، کە رێگایان پێداوین دووبارە فیلمی نوێ بەرهەم بهێنین».

کروز زیاتر دەڵێ: «دووبارە دەستپێکردنەوەی وێنەگرتن واتە دەستەخستنی هەلی کاری زیاتر ئەمەش بەرپرسیاریەتی ئێمەیە و پێویستە پارێزگاری لە کارەکانمان بکەین، بۆ ئەوەی تەواوی تیمەکە بەردەوام بن لە کارکردن و دەستکەوتنی پارە، باش بزانن ئێمە هەزاران هەلی کار فەراهەم دەکەین».

لە کۆتایی تۆمارە دەنگییەکە کروز دەڵێ: «نامەوێ ئەم نزیکبوونەوەتان دووبارە ببێتەوە، ئەگەر پابەند نەبن، ئەوا ئێوە لە کارەکەتان دەرکراون».

**سەرچاوە: ئیلاف**

## ــــــه نەشتەرگەری نەماوە

ماوەیەکی نزیکدا ببێتە هۆی تێکدانی روخسار و سیمای ئافرەت. «شیلدز ئاماژە بەوەش دەکات کە دروستکردنی باڵانسێک لە ژیانیدا، بە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ژیانی دادەنرێت، بۆیە زۆر جار بیر لەوە دەکات، چۆن ئەو توانایەی دەبێت کە ئەم باڵانسە رابگرێت، چونکە پێی وایە هەر کەسێک بڵێت گەیشتۆتە ئەم باڵانسە لە ژیانیدا راست ناکات.

لە لایەکی دیکەوە برۆک رایگەیاند کە زۆر خۆپەرستە، کاتێک ئارەزووی ئەوە دەکات هەموو شتێکی دەست بکەوێت لە ژیاندا، چونکە حەز دەکات یەکێک بێت لە کەسایەتییە هەرە سەرکەوتووەکان و دەیەوێ دایکێکی نموونەیی بێت.

**سەرچاوە: ئیلاف**



## مێگان فۆکس:

# رقم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە



ئەگەرچی ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵک بیروڕاکانی خۆیان دەرببڕن، بەتایبەتی هونەرمەندان و کەسایەتییە ناسراوەکان بە باشترین هۆکاری دەزانن بۆ ئەوەی بە کورتترین وشە و لە کەمترین کاتدا پەیامەکانی خۆیان بە زۆرترین جەماوەر و هەوادارانی خۆیان رابگەیەنن، کەچی خانمە ئەکتەری ناسراو مێگان فۆکس بە ئاشکرا دەڵێ: «من زۆر دوورم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.»

سەرچاوە: البوابة

مێگان فۆكس دەربارەی هۆكاری دووركەوتنەوەی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان دەڵێ: «هۆكاری دووركەوتنەوەم لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە زۆر رقم لێیەتی، چونكە شێوازی وەرگرتن و بیستنی بیروڕای هەڕەمەكی خەڵك كارێكی زۆر زەحمەتە»، وتیشی: «من زۆر گرنگی بە رای خەڵك نادەم، چونكە هەر كەسێك رای تایبەتی هەیە سەبارەت بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، پێویستە بتوانی كە گرنگی بەو شتانە نەدەی كە زیان بە هەستی تۆ دەگەیەنن و ببێتە هۆی ئەوەی كە متمانەت بەخۆت لاواز بێت». ساڵی ٢٠١٣ مێگان بڕیاریدا كە ئەكاونتی خۆی لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتی تویتەر دابخات. هەرچەندە زیاتر لە (٢٥٠) هەزار كەس لە یەك هەفتەدا سەیری ئەكاونتەكەیان كردبوو، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی ئەكاونتەكەی دانەخات. هەر لەم بارەوە وتی: «پێنج رۆژ لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتیی تویتەر بووم، بەڵام نازانم سوودی چی بوو؟». دوای دوو رۆژ لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوك كە ٣٣ ملیۆن كەس چاودێری دەكەن نووسیبووی: «من ناتوانم لەسەر شتێك بەردەوام بم كە رقم لێی بێت». لەلایەكی دیكەوە سەبارەت بە پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان ئافرەتان مێگان لە لێدوانێكیدا بۆ ماڵپەڕی فیمیل فیرست وتی: «زۆر زەحمەتە پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان ئافرەتان هەبێت، چونكە لە ركابەرێتییەكی بەردەوامدان بۆ ئەوەی خۆشەویستیی پیاوان بەدەست بهێنن و خودی كۆمەڵگە ئافرەتان ناچار دەكات كە لە ركابەرێتیدا بن بۆ بەدەستهێنانی دڵی پیاوان، بۆیە زەحمەتە ئافرەت هاوڕێیەكی ئافرەتی هەبێت كە تەواوی گرنگیی خۆی بەو ئافرەتە ببەخشێت». سەبارەت بەو رۆڵانەی كە لە فیلمەكان دەیبینێت مێگان دەڵێ: «من بۆ خۆم رۆڵ دیاری ناكەم، بەڵكو دەرهێنەر و هەندێك جار بەرهەمهێنەران ئەكتەر هەڵدەبژێرن بۆ رۆڵێكی دیاریكراو، هەر رۆڵێك دەرهێنەر بە منی بسپێرێت، من ئامادەییم هەیە بۆ بینینی، تەنانەت ئەگەر رۆڵی دراكۆلاشم پێ بسپێردرێ، ئامادەم بیبینم و زۆریش خۆم بۆی ماندوو دەكەم، بەڵام بەر لە هەر شتێك پێویستە رۆڵەكە بە باشی بخوێنمەوە، چونكە منیش مرۆڤم و تووشی گرفتەكانی ژیان دەبمەوە و هەست بە تووڕەیی دەكەم، زۆر جاریش هەوڵ دەدەم بەشێك لەو تووڕەبوونەم كەم بكەمەوە. « سەبارەت بەو كەسەی كە بە پێشەنگی خۆی دەزانێت مێگان وتی: «هەر هونەرمەندێك كەسێك بە پێشەنگی خۆی دەزانێت لە ژیان و هەوڵ دەدات بە ئاستی ئەو و لەسەر هەمان رێچكەی هەنگاو بنێت، زۆر كەس پێیانوابوو كە مارلین مۆنرۆ پێشەنگی منە، بەڵام من هیچ كاتێك ئەوم بە پێشەنگی خۆم نەزانیوە، چونكە مارلین مۆنرۆ هیچ كاتێك بەهێز نەبووە و چیرۆكی ژیانی زۆر ئاڵۆز بوو و زۆر شتی شاراوەی تێدا هەبووە، كە بۆ ئەو كات و ئێستاش ئاشكرا نەبووە و بە نهێنی ماونەتەوە، ئەكتەرێك بوو كە ناكرێ پشتی پێ ببەسترێ و جێگای متمانە نەبووە.» سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆی مێگان فۆكس زۆر شتی نهێنی ئاشكرا دەكات و دەڵێت: «من بە رەچەڵەك فەرەنسی و ئێرلەندیم و لە خانەوادەیەكی دینداری كریستیان پەروەردە كراوم، رەنگە بۆ زۆر كەس سەیر بێت، بەڵام من زۆر لە فرۆكە و تاریكی دەترسم و زۆر جار تووشی دوودڵی و دڵەڕاوكێ و بڕوانەبوون بەخۆم دەبمەوە، بۆیە زۆریش لەوە دەترسم ژیانم وەكو مارلین مۆنرۆ كۆتایی پێ بێت، بەڵام بۆ سەركەوتن لە ژیان پشت بە خۆم دەبەستم، رۆژانەش كتێب دەخوێنمەوە و سەیری چیرۆكەكانی ئەنیمەیشن و یاریی ئەلیكترۆنی دەكەم». سەبارەت بە پڕوپاگەندەش دژی ئەكتەرانی هۆلیۆد مێگان فۆكس دەڵێ: «یەكێك لەو شتانەی كە زۆر لێی دەترسم وێنەگرانی باباراتزییە، چونكە زۆر بێ زەبیانە بەرامبەر بە كەسایەتییە ناسراو و ناودارەكان رەفتار دەكەن و ئامادەن هەر شتێ بكەن، تەنیا بۆ ئەوەی وێنەكانیان لە زۆرترین شوێن بڵاو بكرێتەوە و ناوبانگ بەدەست بهێنن، بێ ئەوەی گوێ بە ناوبانگ و كەسایەتیی ئەو هونەرمەندانە بدەن و، بە هەمان شێوە گۆڤار و رۆژنامەكانیش لە كاتی بڵاوكردنەوەی هەواڵی نادروست سەبارەت بە ئەكتەران گوێ بە هیچ شتێك نادەن، بۆیە من زۆر لەو جۆرە وێنەگر و میدیایانە دەترسم و تووشی شڵەژان دەبم، كاتێك دەبینم كەسێك چاودێریی من دەكات، بەتایبەتی لە كاتی وێنەگرتن و لە شوێنە گشتییەكان و حەز ناكەم دەربكەوم لە پێش كامێراكانەوە بە شێوەیەك كە من پێی رازی نەبم. «مێگان بەوە تاوانبار كراوە كە خۆی برسی كردووە بۆ ئەوەی كێشی لەشی دابەزێت، لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەم قسە بە هیچ شێوەیەك راست نییە، چونكە من رۆژانە پێنج جار نان دەخۆم، بەڵام بەشێوەی پچڕ پچڕ و بە هیچ شێوەیەك ریجیمێكی دیاریكراو پیادە ناكەم لە خۆراكی رۆژانەمدا، بەڵكو زیاتر گرنگی بە خواردنی رووەكی و رۆنی ماسی دەدەم و لە بەرهەمەكانی ماست و شیرەمەنییەكان دووردەكەومەوە».

